
# پەنجەکانی کاووش لە پێشانگەیەکدا

مەحموود محەمەد عوسمان
m_o_osman@hotmail.com



دوای سەرکەوتنی یەکەم پێشانگەی لە هەمان شوێن کە لە ساڵی 2003 کرایەوە لە ئنکهاوزن، بۆ جارێکی تر رێکخراوی ( ئایدا ) لە ئەمستردام پێشانگەی دووەمی سەتار کاووش ئەکاتەوە، لە رۆژی یەکشەممە 30 ئەم مانگە ئەپریل، کاتژمێر 3 پاش نیوەرۆ.

هەر بەو بۆنەوە ئاهەنگی بە چاپ گەیاندنی کتێبێکیش ئەگێڕێ، کە بەزمانی هۆلەندییە. کتێبەکەیش لەئامادەکردنی شاعیری عێراقی مووەفەق ئەلسەوادە، کە 23 شاعیری هۆلەندی، شعریان بۆ ئەو تابلۆیانە نووسیووە. ناوی کتێبەکەیش هەمان ناوی( پەنجەکانی کاووش )ە، کە لەبنەرەتدا ناوی پارچە هەڵبەستێکە کە مووەفەق ئەلسەواد بەسەر کارەکانی کاووشدا نووسیویتی.



رەنگ، پانتاییەکی سەرنج راکێش، پەیوەندیەکانی ئینسان، خۆشەویستی، پەیوەست بوونی سۆز و ئەوین لەگەڵ رەنگەکان و فۆرمەکە. هەموو ئەمانە چاوت تێر ئەکات ولە زاکیرەتدا ئەمێنێتەوە.

ئەم تابۆلیانە تەنها لە چوارچێوەی عەشق و بەها ئینسانیەکان زیاتر ناتوانی بۆ مەودایەکی تر خەیاڵت ببا.

ئەتوانم بڵێم تەکنیکێکی نوێ، بەکار هێنانێکی هارمۆنی لە ڕەنگەکاندا بەدی ئەکەم.

دوای ئەم پێشانگەیە بەدرێژی لەسەری ئەنووسم.

لەخوارەوەیش ئەدرەسەکەم نووسیوە



( Vingers van Kawoosh )

Zondag 30 april t/m zondag 21 mei

Galerie en beeldentuin

DIE ROOIPERD

Karnemelksluis 17 / Roopaartsteiger 1 , 1601 JR Enkhuizen Tel. 0228313547